# بەڵگەنامەیەکی بەریتانی؛ بۆمبابارانکردنی جافەکان «٩٠ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ»

**محەمەد ئەحمەد ئیبراهیم گەلاڵەیی**
**(بەشی مێژوو-فاکەڵتی ئاداب-زانکۆی سۆران)**

دوای داگیرکردنی کوردستانی باشوور لەلایەن بەریتانیای مەزن لە ساڵی ١٩١٨ و دواتر دامەزراندنی حوکمداریەتی کوردستان بەڕێبەرایەتی شێخ مەحموودی حەفید، بۆ جاری یەکەم لە (١٩١٨-١٩١٩)، بۆ جاری دووەم لە (١٩٢٢-١٩٢٣) و هەڵگیرسان و بەردەوامی جووڵانەوە و شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی حەفید لە ماوەی (١٩٢٣-١٩٣٠)، قۆناغی بەردەوامی ناسەقامگیری کۆمەڵی کوردەوارییە، هەڵبەتە ناتوانین لێکەوتەکانی یەکەمین جەنگی جیهانی و دوورتر بڕوانین لە لێکەوتەکانی شەڕی ئیمپراتۆرەکانی خۆرهەڵات لە سەدەی شازدەم بۆ نۆزدەم دا، بەتایبەتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی و دواتر دەوڵەتی قاجاری لە ئێران، ململانێ و پێکدادانە سەربازییەکانیان لەسەر خاکی کوردستان بوو، دەرئەنجام دابەشبوونی هۆزەکانی کوردستانی گەورە بووە، لەوانە: دووکەرتبوونی هۆزی جاف لە دوای ڕێککەوتننامەی زەهاوی نێوان عوسمانی و سەفەوی لە ساڵی ١٦٣٩، بۆ دوو بەشی سەرەکی عوسمانی و سەفەوی، بەشێکی کۆمەڵی کوردەواری و هۆزەکانی کوردستان، هەوار و شوێنی نیشتەجێبوونی هاوینە و زستانەیان لەسەر سنوورەکان هەبوو، بەمانا گشتییەکەی کۆچەری بوون، لە شوێنێکی دیاریکراو نیشتەجێ نەبوون، سنوورەکان بەرزترین جێگە بوون بۆ بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات، کە ئەوکات سامانی ئاژەڵی و داهاتەکەی، تاکە سەرچاوەی خەزێنەی ئەم هۆزانەی کوردستان بوون.

زۆربەی کات لە ناوەندی وەرزی بەهاران بۆ کۆتاییەکەی دەستیان بە کۆچی قۆناغ بە قۆناغ بۆ کوێستانەکان دەکرد، زۆرجار سنوورە دەستکردەکانیان دەبڕی، کە کێشەی گەورەی لە نێوان وڵاتانی داگیرکاری کوردستان هێناوەتە کایەوە، ئەمە لەبەر پەڕینەوەی نایاسایی و پیرۆزی سنوورەکانی عوسمانی و سەفەوی و

قـاجـاری و دواتر ئێــراق و ئێــران نەبوو، بەڵکو لەسـەر بەشینەوەی داهات و باجی ئەم هۆزانە بووە، کە ڕێژەیەکی گەورەی لە داهات بۆ خەزێنەکانیان مسۆگەر دەکرد، چونکە بوونی لەوەڕگە بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان لە هەر شوێنێک هەبووایە، هۆزە کۆچەرییەکانی کورد سڵیان لە گەیشتن بەو شوێنە نەدەکردەوە.

بۆیە ئەو بیروڕایە تەسکە لە مێژووی هاوچەرخی کورددا ئاوەژوو دەبێتەوە، کە بڕینی سنوورە دەستکردەکانی کوردستان لە سەدەی هاوچەرخدا بە هۆکاری سیاسی و شۆڕشگێری هاتبێتە کایەوە، بەڵکو بۆ ماوەی پێنج سەدەیە لە مێژووی هاوچەرخی کورددا، کۆمەڵی کوردەواری، بەتایبەتی هۆزەکانی گوێیان بە سنوورە دەستکردەکانی داگیرکاری سەر کوردستان نەداوە، بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان و سەربەرزی خانەوادەکانیان و پاراستنی کۆمەڵی کوردەواری لە برسیەتی و نەبوونی نان، هەروەها پارێزگاری کردن لە داهاتی نەتەوەیی و خۆژینی بەپێی چەمکە زانستییەکانی ئەمڕۆ، چونکە ژمارەی ئەم هۆزانە زۆر بووە، کە بەپێی ساڵنامەکانی ویلایەتی مووسڵ لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم گەیشتووەتە نزیکەی (٥٠,٠٠٠) کەس، کە لە سەرژمێری کردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە کۆچەرییەکان تۆمارکراون. هۆزی جاف لە چوارچێوەی ئەم ژمارەیەدا، بەردەوام لە بڕینی سنوورە دەستکردەکاندا بوو، هەتا دوای داگیرکاری ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٩١٨ بۆ سەر کوردستانی باشوور.

### هۆزی جاف:

مێژووی هۆزی جاف، بە ڕووداوی مێژوویی گەورە کە بەسەر هۆزەکەدا هاتوون دەستپێدەکات، سەرەتای ئەم ڕووداوانە بۆ دوو سەردەمی جیاواز لەسەدەی حەڤدەم و هەژدەم دەگەڕێنەوە، بەپێی گێڕانەوە مێژووییەکان، بەتایبەتی لە کتێبی (مێژووی جاف- تاریخ جاف بەزمانی فارسی) لە نووسینی کەریم بەگی فەتاح بەگی جافە، چەند سەربوردێکی لە ڕەچەڵەک و بڵاوبوونەوەی هۆزی جاف بە وڵاتی ئێراق و ئێرانی ئێستادا دەقنووس کردووە، کە بە کورتییەکەی ئەمەیە: دوای مۆرکردنی پەیماننامەی زەهاوی ١٦٣٩ زایینی، لەنێوان سوڵتانی عوسمانی مورادی چوارەم (١٦١٢-١٦٤٠) و شا سەفی سەفەوی (١٦٢٩-١٦٤٢) هۆزی جاف بەپێی دارشتنەوەی سنووری نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی، نەخشەی سروشتی و مرۆیی کە پێشتر هەبوو، بەتەواوی دەستکاری کرا و جافەکان دووکەرت بوون و



**شێخ مەحموودی حەفید**

بەشێکیان بۆ ژێر دەسەڵاتی سەفەوی و بەشەکەی تریان بۆ ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، هەرچەندە پێشتر نەوەکانی یار ئەحمەدی باوکە گەورەی جافەکان، ناکۆکی و ململانێ لەنێوان ئەوان و بنەماڵەی حوکمڕانی ئەردەڵانییەکان سەری هەڵدابوو، بەتایبەتی دوای کوژرانی زاهیر بەگ بەدەستی خان ئەحمەد خانی ئەردەڵانی و سەرهەڵگرتنی براکەی تاهیر بەگ بۆ ناوچەی دیمەشقی پایتەختی ئێستای سووریا، گیرسانەوەی لە ناوچەی ساڵحییەی ئەو کاتی شارەکەدا، کە لەوانەیە بەشێک لە کوردەکانی شام بە ڕەچەڵەک، بۆ ئەوە بگەڕێنەوە کە جاف بن، ئەگەر تاهیر بەگ خاوەنی خێزان و کوڕ و کچی زۆر بووبێت، یان لەوانەیە بەتەنیا سەری نابێتەوە، کە ئەمە زیاتر شایانی لێکۆڵینەوەیە.

هەر لەسەرهەڵدانی ململانێی ناوخۆیی لەنێوان نەوەی یەکەمی جافەکان و فەرمانڕەوایانی ئەردەڵان، کە ویستوویانە سەربەخۆیی جافەکان پارێزراو بێت، ملکەچی ژێر دەسەڵاتی ئەردەڵانییەکان نەبوون، بۆیە گەورە میرەکانی جاف بە ناوچە و شارەکانی کوردستانی باشووردا بڵاوبوونەتەوە، وەک: میرە بەگ لە سلێمانی گیرسایەوە و خاوەنی کار و بازرگانی کردن بوو، خانە بەگ سەروکاری تیرەکانی وەڵەدبەگی لە کوردستانی خۆرهەڵاتی ئەردەڵانییەکان گرتە دەست، هەرچەندە نەوەکانی زاهیر بەگ کە لە تیرەکانی کەیخەسرەو بەگی و بەهرام بەگی پێکهاتوون، هەروەها ئاماژەی ئەوە هەیە کە دوای کوژرانی زاهیر بەگ، کوڕ و نەوەکانی کە بە جافی

مورادی ناسراون هاتوونەتە کوردستانی باشوور، کە ئەوکات لەژێر دەسەڵاتی سوڵتان موڕادی چوارەمی سوڵتانی عوسمانیدا بووە.

جافە موڕادییەکان نازناوێکە لە سەردەمی سوڵتان مورادی چوارەم دروست بووە، بەکورتییەکەی دوو هۆکاری سەرەکی دوورکەرتبوونەکەی لەسەر هۆزی جاف سەپاند؛

**یەکەم:** هۆکاری ململانێی ئیمپراتۆرە بەهێزەکانی خۆرهەڵات کە هۆزی جاف لە توانستی مرۆیی و سەربازیدا نەبوو، بەرەنگاری بەهێزی وەک عوسمانییەکان و سەفەوییەکان ببێتەوە، ئەمە بۆ هۆزەکانی تر ڕاستترە، چونکە بە ژمارەی مرۆیی و هۆزەکی زۆر کەمتر بوون لە توانستی گشتی جافەکان.

**دووەم:** ململانێی ناوخۆیی و کوشتنی براکان چ لەسەر دەسەڵات، یان دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و کێشە ئاڵۆزەکانی پێوەندی کۆمەڵایەتی لەنێوان هۆز و تیرە و هاوخوێنەکانی یەک هۆز و دوو هۆزدا، بەتایبەتیش لەنێوان جاف و ئەردەڵانییەکان، کە ئەم ڕووداوانە لەناو مێژووی خێڵایەتیی کوردستاندا بەردەوام دووبارە بووەتەوە، کە لەڕووی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی مێژووییەوە دەزگاکانی لێکۆڵینەوە لە کوردستانی باشوور زۆر لاواز و کەمتەرخەمن، هەروەها گەڕان بەدوای ژیانێکی ئازاد و خۆبژێوی و دابینکردنی شوێنێکی ئارام بۆ هۆزەکەیان، کە ئەمە خەسڵەتێکی گشتی هۆزەکانی کوردستانی گەورە بووە، بەتایبەتی هۆزی جاف وەک یەکێک لە هۆزە کۆنفیدراسیۆنە گەورەکانی کوردستان لە سنوورێکی گەورەی لاکێشەییدا لە کوردستانی باشوور و خۆرهەڵاتدا بڵاوبوونەتەوە، هەر لە خوارووی کوردستانی باشوور تا ناوچەی جوانڕۆی کوردستانی خۆرهەڵات، کە بە مەڵبەندی دێرینی جافەکان دادەنرێت (جاف: ٣٨ و ١٣، ٢٨-٣٠).

لە گێڕانەوەیەکی تری مێجەر ئی. بی. سۆن لە کتێبەکەی بەناوونیشانی (چەند سەرنجێک دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو) بە کورتەیەک باس لە مێژووی جافەکان دەکات، لەئاکامی دروستبوونی شەڕ لەنێوان جاف و ئەردەڵانییەکان، کە بۆ ساڵانی سەدەی هەژدەم دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی دوای ناردنی هێز لە پایتەختی ئەردەڵانییەکان سنە بۆ سەر جوانڕۆ، سەرۆک و سەرکردە و کوڕ و نەوەی جافەکان کوژران و بە دیل گیران، بۆیە بەشێکی گەورەی جافەکان کە بە مورادی ناسراون و ژمارەیان گەیشتووەتە نزیکەی دە هەزار خێزان لەسەدەی بیستەمدا، پەنایان بۆ دەوڵەت و فەرمانڕەواییانی بابان هێنا، جافەکان ڕێگەیان پێ درا بۆ وەرزی هاوینان لە ناوچەکانی سنووری ئێران و پێنجوێن و بۆ وەرزی زستان ناوچەکانی سەر بە حکوومەتی کەرکووک و بۆ وەرزی بەهار و پاییزان پێدەشتەکانی شارەزوور بمێننەوە، کە سەر بە حکوومەتی گوڵعەنبەر بوو، بەشێکی تری جافەکان چوونە نێو گۆرانەکان و هەندێک جار پێیان دەڵێن جافەکانی گۆران، بەشی کۆتاییان لەژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی سنە مانەوە و دواتر هێدی هێدی لە جافەکان جیابوونەوە، وەک باباجانی و ئایناخی و ئیمامی و دەروێشی... تاد بەشێکی ئەمانە بۆ وەرزی زستان کۆچ بۆ پێدەشتەکانی زەهاو دەکەن (سۆن: ٢٠٠٧، ٦٦-٦٨)، ئەم دابەشبوونە ئابوورییە و خۆژیاندنەی جافەکان، بەڵگەیە لەسەر بڵاوبوونەوەیەکی سۆسیۆئیکۆنۆمی جافەکان، ئەگەر بە پێوەرەکانی ئەمڕۆی ئەم زانستە لێکدانەوەی بۆ بکرێت، بەتایبەتی دوای هەڵسەنگاندنی قەبارەی هێزی کار و سەربازی جافەکان، سەرسوڕمانێک دروست دەبێت، دوای ئەو ئاماژەی مێجەر سۆن بە ژمارەی جافەکان دەنووسێت: ژمارەی ماڵی جافەکان لەسەرەتای سەدەی بیستەم نزیکەی (١٦,٢٦٠) هەزار ماڵی نیشتەجێ و کۆچەری بووە، هەروەها (٩٤١٠) پیادەی چەکداریان هەبووە(سۆن: ٢٠٠٧، ٦٣-٦٤)، وەک هێزێکی سەربازی ڕێکخراو لە چوارچێوەی هەر تیرە و لقێکی هۆزی گەورەی جافدا، ئەو کات لە شارێکی وەک سلێمانی دوو هەزار ماڵیان هەبووە، کە ژمارەیەکی مامناوەندی هەڵبژێرین و هەر خێزانێک خاوەنی حەوت کەس بێت، ئەوە سلێمانی ژمارەی دانیشتووانەکەی نزیکەی (١٤,٠٠٠) کەس بووە، لەبەرانبەردا هەمان ژمارە بۆ جافەکان هەژمار بکەین کە تێکڕای ماڵەکانیان شازدە هەزار بووە، ئەوە ژمارەی جافەکان نزیکەی (١١٣,٨٢٠) کەس بووە، ژمارەیەکی بەهێز و کاریگەر لەڕووی سەرچاوەی مرۆیی و ئابووری خێڵەکی ئەوکاتی کوردستان، هەرچەندە ئەو دابەشبوونە مێژووییە دەری دەخات، کە کوردستانی باشوور سێ بەشی کۆچەری و بەشێکی کەمی نیشتەجێی شارەکان بووە، ئەمە لەسەر ئاستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەڕاست دەردەچێت کە لە ٨٥٪ی دانیشتووانی ئیمپراتۆریەتی ناوبراو گوندنشین و لە ١٥٪ی شارنشین بووە. ئەم دابەشبوونە ڕۆڵ و کاریگەری لە دابەشبوونی هاوکێشەی هێزی کۆمەڵایەتی و سیاسی و سەربازیدا هەیە، سەرئەنجام لە شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی حەفید لەماوەی ١٩٢٣-١٩٣٠دا ڕەنگدانەوە کاریگەری هەبووە.

بەڵام ئیدمۆندس وەک لێکۆڵەرەوەیەکی ئینگلیزی زمان

له بواری کوردناسی و پێشتر کاری ڕاوێژکاری له وەزارەتی ناوخۆی سەردەمی پاشایەتی لە ئێراق کردووه، بەم جۆره دەربارەی مێژووی هۆزی جاف دەنووسێت:"مێژووی جافەکانی موڕادی، بەم جۆرەی که خەڵکی ناوچەکە له بیریانه، به کۆچ، یان ڕاکردنی کەسێک بەناوی زاهیر بەگ لەگەڵ نزیکەی سەد ڕەشماڵ له جوانڕۆوه بۆ بانیخێڵان، له ڕۆخی سیروان دەست پێ دەکات. ئەم شوێنه دروست ئەو جێیەیه که چیای قەرەداغی لێ بەرەو ڕووبارەکه شۆڕدەبێتەوه، لەبەر ئەوه ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بابانەکانه. ژمارەیەک نووسەر، که خەریکی لێکۆڵینەوەی شوێنی جافەکانن دەڵێن ئەوان لەسەردەمی حکوومەتی سوڵتان موڕادی چوارەم له ١٦٢٣-١٦٤٠ دا هاتوونەته مەڵبەندی دەستەڵاتداریەتی عوسمانییەکان. مێژووی دروستی ئەم بەسەرهاته بەڕای من دەبێته ساڵی ١٧٧٢(١١٨٦ کۆچی)، واته ئەو کاتەی که ئەحمەد پاشا حاکمی قەڵاچوالان بوو. پاشا به دڵفراوانییەوه پێشوازی له زاهیر بەگ دەکات؛ دوای ماوەیەک به ڕاست، یان بەدرۆ، ئەوی به بەرپرسی کۆمەڵه دزی و تاڵانکردنێک ناسی که گرووپێکی چل کەسی ڕێگر لەو ناوچەیه و ناوچەکانی دوروبەریدا ئەنجامیان دەدا. پاشا بۆ ئەوەی که ئەو ژمارەیه بێن و خۆیان تەسلیم بکەن، زاهیر بەگی به بارمته گرت، قادر بەگی کوڕی زاهیر بەگ ئەو ڕێگرانەی دەستگیرکرد، که ئاسایشی وڵاتیان پێشێل کردبوو و ئەوانی کوشت، بەڵام ئیتر کات بۆ ڕزگارکردنی بابی به سەرچووبوو و پاشای هەڵەکەر، زاهیر بەگی کوشتبوو. شوێنی کوشتنی ئەو چل ڕێگره، له نزیک بانیخێڵان بووه، که ئەمڕۆ به گۆڕی (کەرەگەل) دەناسرێ، گۆڕی زاهیر بەگ، له نزیک (دزی ئایش)ـه: پاشا له جیاتی ئەو ستەمەی که له زاهیر بەگی کردبوو دزی ئایشێی به قادر بەگ بەخشی. بنەماڵه ستەم لێکراوەکەی زاهیر بەگ، سەرۆکی جافەکانی موڕادین و به بەگزاده دەناسرێن. کەرەم و بەخشینی پاشا، ڕێگای بۆ کۆچێکی بەرفراوانتر کردەوه و سەرئەنجام هۆزی موڕادی بوو به یەکێک له هێزه سەرەکییەکانی ئەو مەڵبەنده. ده هەزار ڕەشماڵ ژمارەیەکه، که بەگشتی هەموو لایەک بۆ ئەم هۆزه لەبەرچاوی دەگرن. بەرلەهاتنی زاهیر بەگ بۆ ئەم ناوچەیه، شارەزوور ناوچەی ژیانی چەند هۆزی تر و پێشتر شوێنی ئەم هۆزانه بوو: گەڵاڵی، شێخ سمایلی، بێسەری، چوچانی، قەوێڵەیی، سمایل عوزێری، شینکی، کافرۆش، بڵباس، کەڵهوڕ، تیلەکۆ، گڵباخی و مەندەمی. دەڵێن چوار هۆزی یەکەمیان ئەو جافانه بوون که ٥٠ ساڵ زووتر لەوانی تر هاتوونەته ئەم ناوچەیه" (ئیدمۆندس: ٢٠٠٤، ١٨٣-١٨٤)، ئەم بۆچوونەی ئیدمۆندس دەربارەی مێژووی هاتنی جافەکان بۆ کوردستانی باشوور لەگەڵ بۆچوونەکانی مێجەر سۆن و کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف ناکۆکه، بەتایبەتی لەبارەی کوشتنی زاهیر بەگی جاف که ئەم دوو نووسەرەی دوای دەڵێن لەسەر دەستی ئەردەڵانییەکان بووه، ئیدمۆندس دەنووسێت لەسەر دەستی پاشای بابانەکان بووه، بەڵام نیشتەجێ بوونی جافەکانی موڕادی، دەرگایەکی گەورەی بەڕووی جافەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەردەڵانەکاندا کردووەتەوه بۆ ئەوەی بێنه ژێر دەسەڵاتی بابانەکان و له دەشتی شارەزوور و گەرمیان و کوێستانی کوردستانی باشوور به پانوپۆڕییەکی لاکێشەیەی و نزیک له سنووری باوباپیرانیان بڵاوبنەوه و بەشێکیان نیشتەجێ بن، هەروەک ئەو کوردناسه ئینگلیزه ئاماژەی پێ کردووه، که هاتنی جافەکان بوو به یەکێک له هێزه سەرەکییەکانی سەردەمی دەسەڵاتی بابانەکان و قۆناغەکانی دواتر لەسەدەی نۆزدەم، بەتایبەتی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم.

هەر بۆیه کاربەدەستانی ئینگلیز لەشاری سلێمانی و کەرکووک و بەغدا به وردی چاودێری جموجووڵەکانی هۆزی جافیان دەکرد. له کتێبیی (کورد، تورک، عەرەب) له نووسینی ڕاوێژکاری پێشووی وەزارەتی ناوخۆی ئێراق (سیسیل جۆن ئێدمۆندس) ئاماژه به هاوسنوور بوونی ناوچەی هەڵەبجه به وڵاتی ئێران دەکات، که نزیکەی ١٧٠ میل واته: ٢٧٢ کیلۆمەتره و دەنووسێت:"کاتێک هێزەکانی ئێمه (بەریتانیا ١٩١٨) دەستیان بەسەر ئێراقدا گرت، هێشتا جافەکان به شێوەی کۆنی کوردەواری دەژیان. ئەوان لەلایەک بنەماڵه ئەشرافییەکانیان حاکم بوو و لەلایەکی تریشەوه (ڕەعیەت)یان هەبوو و (کوێخا) یەکیان لەسەر بوو. بەشێک لەو تیرانه، ماوەیەک لەمەوپێش نیشتەجێ بووبوون و کشتوکاڵیان دەکرد. ئەوانی تر، واته زۆربەیان هێشتا خێڵ نشین مابوونەوه. لەم ساڵانەی دواییدا، ژمارەیەکی تریان ژیانی نیشتەجێیان هەڵبژارد، بەڵام ئەمەیان پتر له ڕووی ناچارییەوه بوو: یان بەهۆی کارەساتی سروشتی ئاژەڵەکانیان له دەستدابوو، یان بەهۆی شەڕی عەشیرەتی و پەلاماری حکوومەت مەڕ و ماڵاتیان تاڵانکرابوو و بۆ دابینکردنی ژیانیان ناچاربوون ڕێگای کشتوکاڵ هەڵبژێرن."(ئیدمۆندس: ٢٠٠٤، ١٨٦) ئەم نووسینەی ئیدمۆندس بەڵگەیەکی تەواوکاره بۆ ئەم بەڵگەیەی که خستوومانەته ڕوو لەسەر بۆردومانکردنی هۆزەکانی جاف که له سنوورێکی دوور و

درێژی نێوان دوو وڵاتی وەک ئێراق و ئێران، کە هێشتا کێشەی سنوور لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا هەیە و تا ئەمڕۆ هەر بەچارەسەرنەکراوی ماوەتەوە، هەتا ساڵی ١٩٢٨ دانپێدانانی بە حکوومەتی ئێراقی هاشمی دواخستبوو، بۆیە هاتوچۆکردنی جافەکان و بڕینی سنوورەکان چەند مەترسییەکی گەورەیان لە جافەکان چاوەڕوان دەکرد.

**یەکەم:** بەکارهێنانی جافەکان لەلایەن ئێران بۆ گوشارخستنە سەر حکوومەتی ئێراق و دابڕینی خاکی زیاتر بۆ سنووری وڵاتی ئێران لەکاتی داڕشتنەوەی سنوور، بەتایبەتی شوێن و موڵکی جافەکان، هەروەها ڕێگەگرتن لە دووبارە بوونەوەی ڕێککەوتننامەی زەهاو، کە حکوومەتی ئێراق ناچار بە بەزین لە داواکارییەکانی بکات دەرهەق بە ڕێکخستنەوەی سنوور، یان هێشتنەوەی سنووری عوسمانی و سەفەوی جاران.

**دووەم:** تیرەکانی جاف کە ژمارەیەکی گەورەی مرۆیی و چەکدارییان هەبوو، کە بە ئازایەتی ناسرابوون ؛ نەوەک ببنە پاڵپشتی جووڵانەوە شۆڕشگێرییەکانی شێخ مەحموودی حەفید.

**سێیەم:** ئەم هۆزە سەرچاوەیەکی گەورەی ئابووری و سامانی ئاژەڵی هەبوو، کە بە خۆ دزینەوە لە باج دان بە حکوومەتی ئێراق تۆمەتبار دەکران.

**چوارەم:** سەرمایە و داهاتی گەورەی ئابووری جافەکان، نەبێتە پاڵپشتی بۆ هەر فەرمانێکی شێخ مەحموودی حەفید کە دژ بە حکوومەتی ئێراق و ئینگلیز بەکاربهێنێت، لەهەمان کاتیشدا نەبێتە سەرچاوەی داهات بۆ ئێرانییەکان کە لەکاتی گەیشتنی تیرەکانی هۆزی جاف بە کوێستان و هەوارگەکانیان کە لەناو خاکی ئێراندا بوون، باج بەو دەوڵەتە بدەن. هەر بەپێی نووسینەکانی ئیدمۆندس ژمارەی جافە ڕەشماڵ نشینەکان نزیکەی ٥،٤٠٠ بوو (ئیدمۆندس:٢٠٠٤، ١٨٨) کە ئەم ژمارەیە، قەبارەیەکی گەورە بووە، وەک پێشتر شیکردنەوەی تەواومان بۆ کرد. ئەم ڕوونکردنەوەی سەرەوە بۆ خستنەڕووی مەغزاکانی پشت ئەم بەڵگەنامەیە، کە هەمووی لە (٧٨) وشە پێکهاتووە، بەڵام لێکدانەوەی زۆری پێویستە بۆ دەرخستنی هەڵوێستی دەوڵەتانی داگیرکار لەسەر کوردستان، لە هەموو ڕەهەندەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری و لە هەموویشی گرینگتر چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە ڕێگەی سەربازی و دەرخستنی ئەو ڕاستییەی لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە، کە لە سەردەمانی کۆن تا ئێستا چارەسەری سەربازی ڕێگەیەکی باوە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و لەلای داگیرکارانی کوردستان بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەی کورد لەسەر خاکی خۆی، هەروەها هەر بەڵگەنامەیەک پێویستی بە شیکردنەوە و ساغکردنەوەی ڕووداوەکانی ناو بەڵگەنامەکە هەیە بۆ ڕاستیودروستی نووسینە تۆمارکراوەکانی نێو بەڵگەنامەکە.

لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)ی سلێمانی کە لە ماوەی ٢٩ی نیسانی ١٩٢٠ تا ٢٧ی تەمووزی ١٩٢٢ لە شاری سلێمانی دەرچووە، لە ژمارە (١٧)دا، دەربارەی هۆزی جاف بابەتێکی لە ستوونێکی کورتدا بڵاوکردووەتەوە، ئاماژە دەکات کە هۆزی جافەکان واز لە گەرمیان و کوێستان بهێنن؛ واتە ژیانی ڕەوەندی و کۆچەری بەجێ بهێڵن و لە دێهات و شارەکان نیشتەجێ بن، ئەمە ئاماژەیەکە بۆ کۆنترۆڵکردنی هۆزێکی گەورەی کورد، هەروەها ئاماژەی دووەمی پێشبینییەک دەخاتەڕوو لەسەر بەرەنگاربوونەوەی جافەکان بە ئامرازی سەربازی بۆ نیشتەجێبوونیان و دیاریکردنی سنوور لە نێوان ئێراق و ئێران، دەنووسێت:" جاف: وەک لێکدراوەتەوە و زانراوە عەشایری جاف لە دێهات دانیشن خەریکی فەلاحەت و زراعەتیش بن. واز لە گەرمیان و کوێستان بهێنن زۆر بۆیان باشتر و چاکترە کە لەماندوویەتیی بارکردن و بارخستن ڕزگاربن و بە کاسە و کەوچکە شکاوی نەمێننەوە. ئەوەی لە بارکردن و بارخستن و ڕێگاوبان لە کیسیان دەچێ لەجێوە دانیشن و بۆیان بمێنێتەوە چاکترە ئێجگار چاکترە. لەبەر ئەمە کە ئەم ئیشە ڕێک کەوێت و سەرگرێت هەشت مانگ لەمەوبەر حاکمی هەڵەبجە لەگەڵ هەموو گەورە بەگ زادە و سەرۆک و ماڵی جافەکان بەیەک کەوتبوو ئەمەو قسە و باسێکی زۆریان کرد، بەبیری هەموو لا ئەمەیان بە باش و چاک زانی کە لەمەولا جاف دانیشن، لە دێهاتدا خەریکی ئیشی فەلاحەت و زراعەت بن. ئەوانە کە لە ئەملاکی ئەمیرییە دادەنیشن هەوەڵ ساڵ تاپۆیان هیچ لێ نەسێنرێت و دواساڵ نیوەیان لێ بسێنرێت. جگە لەمانە حکوومەت هەموو چاودێرییەکیان بکات، پارە و تۆو و چییان پێویست بێ بە قەرز بیانداتێ و پەکیان لەسەر هەموو یاریدەدانێکی باش نەخات. لە ساڵی ڕابوردوو لەناو قەزای کفری کن گەرمەسێراو جاف ١٤ دێیان ئاواکردووەتەوە. لە شارەزووریش ٩ ئاواییان ئاواکردووەتەوە. لە مەریوان و بانەیش لە ناحیەی پێنجوێندا ١٤ دێیان ئاوا کردووەتەوە".(پێشکەوتن، ١٩٢٠، ٤). دیارە بەلای ئینگلیزەکان، حاکمی هەڵەبجە، کە قائیمقام بووە، بەلایانەوە گرنگ بووە، کە کەسایەتی و بەگزادە و پیاوانی هۆزی جاف کۆنترۆڵ

بكات، هەر لەبەر ئەمەشە، كە لە دەقی بەڵگەنامەكەدا باس لە قائیمقامی هەڵەبجە دەكات، كە یارمەتی هۆزی جاف دەدات، لە هەمان كاتدا خودی ناوبراو لە بەگزادە لە پێشینەكانی جاف بووە.

لە دەقی بەڵگەنامەكەدا ناوی قائیمقامی هەڵەبجە هاتووە، كە ئەوكات (حامید بەگی جاف) لە ماوەی ساڵانی ١٩٢٤-١٩٣٢ قائیمقام بووە، واتە خودی قائیمقامی هەڵەبجە یەكێكە لە نەوەكانی بنەماڵەیەكی ناوداری هۆزی جاف، كە بە حامید بەگی جاف ناسرابوو، ئەو ناوی تەواوی؛ عەبدولحەمید كوڕی عەبدولمەجید كوڕی عوسمان پاشا كوڕی محەمەد پاشا كوڕی كەیخەسرەو بەگی جاف، لە ساڵی ١٨٧٨ زایینی لە شاری هەڵەبجە لەدایكبووە، خوێندنی زانستە شەرعییەكانی ئایینی ئیسلامی هەر لەو شارەدا تەواو كردووە، دوای هاتنی ئینگلیزەكان بۆ كوردستانی باشوور، بە جێگری حاكمی سیاسی هەڵەبجەیان دامەزراندووە، دواتر بە قائیمقامی هەڵەبجە لە ماوەی ١٩٢٤ تا ١٩٣٢ دەستبەكاربووە، دوای ڕۆیشتنی ئەحمەد موختار بەگی جاف بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی سەردەمی پاشایەتی ئێراق لە ١٩٢٤، هەروەها لە ساڵی ١٩٣٣ دەبێتە قائیمقامی قەزای چەمچەماڵ، دواتر دەبێتە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراق لە خولەكانی حەوتەم، یازدەم، دوازدەم، سیازدەم و پازدەم، دواتر لە شاری بەغدا نیشتەجێ دەبێت و لە ١٩٨٨ لەتەمەنی سەد و دە ساڵیدا كۆچی دوایی دەكات، جەمال بابان نووسەری كتێبی (أعلام الكرد)، باس لە هەڵوێست و هەستی خۆی بەرانبەر بە حامید بەگی جاف دەكات، كاتێک بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ بووە، هەندێک هەڵوێستی نەرێنی بەرانبەری دەربڕیوە، بەڵام كاتێک لە شاری بەغدا حامید بەگ دەناسێت، دەگێڕێتەوە كە ناوبراو بەهیچ شێوازێكی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئەوەی ڕابوردووی بەڕوودا نەهێنامەوە، بەڵكو وەک باوک و مامێک مامەڵەی لەگەڵ كردووە، هەروەها دەنووسێت: شەرمەندەی حامید بەگ بووم. جەمال بابان لە كۆتایی قسەكانی دەنووسێت: حامید بەگی جاف كەسێكی ژیر، ئارامگر، دیپلۆماتێكی ڕازگر و بێدەنگ بوو(بابان، ٢٠١٢، ١٦٣).

دەقی بەڵگەنامە:

تیلگرام: بە شفرە(لاسلكی).

ژمارە: سی/٢٤٨.

مێژوو: ١-٦-٢٧(١٩)

لە: ئیدارەی سلێمانی.

بۆ: ڕاوێژكاری [وەزارەتی] ناوخۆ.

ئێستا هەموو جافەكان گەیشتوونەتە شارەزوور و قائیمقام دەستی لەگەڵ تێكەڵ كردوون، هەواڵی ئەوە گەیشتووە كە پێشڕەوی دەكەن بەرەو خۆرهەڵات ئەوەی چاوەڕوان دەكرێت لە چەند هەفتەی داهاتوو پێویست بە ڕاگرتنی بۆمباران كردنیان بكات.

نهێنی

ژمارە: ٢٠١٠/سی لەسەر ٣٦/ئێس ئێڵ١/ وەزیری ناوخۆ

بەغدا ٢ی حوزەیرانی ١٩٢٧

بۆ:- سكرتێری خاوەن شكۆی كۆمیسیاری باڵا بۆ ئێراق بەغداد.

بیرخستنەوە.

بۆ زانیاری بنێرەوە.

ئێس/ئەی.ئێف. میللەر.

بۆ یاریدەدەری ڕاوێژكاری وەزارەتی ناوخۆ.


**سەرچاوەكان:**

**یەكەم: بەڵگەنامەی بڵاونەكراوە بەزمانی ئینگلیزی:**

**١-بەڵگەنامەیەكی ئیدارەی سلێمانی بۆ وەزارەتی ناوخۆ ئێراق لە ١٩٢٧دا، لە خانەی كتێب و بەڵگەنامەیی نیشتمانیی - بەغدا پارێزراوە.**

**دووەم: كتێب بە زمانی كوردی:**

**١- ئیدمۆندس، سیسیل جۆن (٢٠٠٤): كورد، تورک، عەرەب، وەرگێڕانی: حامید گەوهەری، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس. هەولێر.**

**٢- سۆن، میجەر ئی.بی (٢٠٠٧): چەند سەرنجێک دەربارەی هۆزەكانی كوردستانی خواروو، وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵڵا، لە بڵاوكراوەكانی بنكەی ژین بۆ بووژاندنەوەی كەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانی كوردی، سلێمانی.**

**سێیەم: كتێب بە زمانی فارسی:**

**١- جاف، كریم بیگ فتاح بیگ (٢٠١٢): تاریخ جاف، ترجمة و حواشي و تعلیقات: دكتر محمد علي سلطاني، انتشارات اراس، أربیل.**

**چوارەم: فەرهەنگ بە زمانی عەرەبی:**

**١- جمال بابان (٢٠١٢): أعلام الكرد، ج١، دار اراس للطباعه والنشر، ط٢، أربیل.**

**پێنجەم: فەرهەنگ بە زمانی عەرەبی:**

**١- پێشكەوتن سلیمانی(ڕۆژنامە): ژمارە(١٧)، ڕۆژ پێنجشەممە، ١٩ ئۆگست ١٩٢٠.**